# هەرکەسێك تاوانێکی گەورەی کرد، ولە دونیادا لەسەری سزا درا؛ ئەوا خوای گەورە لەوە دادگەرترە کە لە قیامەتدا جارێکی تر سزای بەندەکەی بدات

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك تاوانێکی گەورەی کرد، ولە دونیادا لەسەری سزا درا؛ ئەوا خوای گەورە لەوە دادگەرترە کە لە قیامەتدا جارێکی تر سزای بەندەکەی بدات، وهەریەکێك تووشی تاوانێکی گەورە بوو، وخوای گەورە پۆشی ولێی خۆشبوو؛ ئەوا خوای گەورە لەوە بەخشندەترە کە پەشیمان بێتەوە پاش ئەوەی لێی خۆشبوو».

[حەسەن - باش)] [(الترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هەرکەسێك تاوانێك بکات لەو تاوانانەی سزای شەرعی لەسەرە وەکو زینا ودزی کردن، وسزا بدرێت لەسەر ئەو تاوانە وبەسەریدا جێبەجێ بکرێت لە دونیادا؛ ئەمە دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو تاوانە، ولە قیامەتدا لەسەری سزا نادرێت؛ چونکە اللە بەخشندەتر وبە ڕەحمترە لەوەی دوو جار سزای بەندەکەی بدات، وئەوەی خودا پۆشی لە دونیادا، وسزا نەدرا لەسەر ئەو تاوانانە، وخوای گەورە لێی خۆش بوو؛ ئەوا خوای گەورە شکۆدارتر وبەخشندەترە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ سزادان لەسەر تاوانێك لەکاتێکدا دایپۆشیووە بۆی ولێی خۆشبووە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66211